

مه‌هاباد قه‌ره‌داغی

# ڤایرۆسی توندوتیژیی و به‌کتریای تیرۆر

"سۆسیۆلۆژیای زه‌برو‌زه‌نگ و سایکۆلۆژیای تیرۆریست"

## ده‌روازه‌یه‌ک:

به‌و پێیه‌ی که‌ کورستان تا ئه‌م ساته‌ش کۆلۆنییه‌ و نه‌ته‌وه‌ی کوررد کۆلۆنیکراوه‌، مرۆڤی کورد کۆیله‌ئاسا مامه‌ڵه‌کراون و کۆمه‌ڵگه‌ی کورد که‌ره‌سته‌ئاسا له‌ لایه‌ن کۆلۆنیالیستانه‌وه‌ به‌کارهێنراون، که‌واته‌ بارودۆخی ده‌روونی، کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی، ئابووری و کلتووری نه‌ته‌وه‌ی کورد وه‌ک نه‌ته‌وه‌یه‌کی بنده‌سته‌، نائاساییه‌. له‌ دۆخی نائاساییدا ڕووبه‌ڕووی زۆر جۆری توندوتیژیی کراونه‌ته‌وه‌ و زه‌برو‌زه‌نگ وه‌ک نۆرمێک و ڕۆتینێکی ڕۆژانه‌ له‌گه‌ڵیاندا پیاده‌ کراوه‌. دیارده‌ی توندوتیژیی یه‌کێکه‌ له‌و دیاردانه‌ی ڤایرۆسئاسا به‌رده‌وام خۆی به‌رهه‌م ده‌هێنێته‌وه‌ و گه‌شه‌ ده‌کات، له‌ دۆخی زێده‌ڕۆییشیدا به‌ پله‌ی خه‌ته‌رتر ده‌گات و، به‌کتریائاسا نائارامی ته‌واو ده‌گه‌یه‌نێته‌ جه‌سته‌ی کۆمه‌ڵگه‌. لێره‌دا من ئه‌م دوو ده‌سته‌واژه‌ خوازه‌یه‌ی "ڤایرۆس" و"به‌کتریا"م له‌ زانستی بیۆلۆژیاوه‌ خواستووه‌ و، بۆ دۆخی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی ناته‌ندروست به‌کاریان ده‌به‌م. چونکه‌ کۆمه‌ڵگه‌ش له‌ ڕووی ستركتووره‌وه‌ چوون جه‌سته‌ی مرۆڤ له‌ کۆمه‌ڵێک ئۆرگانی زیندوو پێکدێ. که‌ ڤایرۆسێک له‌ جه‌سته‌ی مرۆڤ ده‌دات و له‌ بزوتنه‌وه‌ی ئاسایی ده‌خات و دۆخی نه‌خۆشی بۆ ده‌هێنێته‌ ئاراوه‌، کۆمه‌ڵێک میکانیزمی خۆپارێزی به‌کار ده‌برێت بۆ چاره‌سه‌رکردنی، به‌ڵام که‌ ئه‌و خۆپارێزییه‌ی نه‌کرد و گه‌یشته‌ قۆناغی به‌کتریا، ئیدی ناچاری به‌کارهێنانی دژه‌به‌کتریا "ئه‌نتیبیۆتیکا" ی ده‌کات.

که‌ ئه‌م دوو خوازه‌یه‌م بۆ کۆمه‌ڵگه‌ به‌کارهێناوه‌، له‌به‌ر ئه‌و لێکچوونه‌یه‌ که‌ له‌ نێوان جه‌سته‌ی مرۆڤ و جه‌سته‌ی کۆمه‌ڵگه‌ی مرۆڤدا هه‌یه‌. ده‌شتوانم ئاوای ڕوون بکه‌مه‌وه‌ که‌ کاتێ توند و تیژی ده‌بێت به‌ نۆرم له‌ کۆمه‌ڵگه‌دا، ده‌کرێ کۆمه‌ڵێک میکانیزمی چاره‌سه‌ری له‌ شێوه‌ی ڕیفۆرمی کۆمه‌ڵایه‌تی، سیاسی، په‌روه‌رده‌یی، ئایینی و کلتووریدا بکرێت و جه‌سته‌ی کۆمه‌ڵگه‌ ئارام بکرێته‌وه‌، به‌ڵام که‌ خۆپارێزی نه‌کرا و ئه‌م دۆخی توندوتیژییه‌ په‌ره‌ی سه‌ند و گه‌یشته‌ دۆخی تیرۆر، ئیدی جگه‌ له‌ به‌رپه‌رچدانه‌وه‌یه‌کی بنبڕه‌وه‌، ڕێگه‌ی چاره‌سه‌ری تر سه‌خته‌. به‌ڵام ئایا به‌رپه‌رچدانه‌وه‌یه‌کی بنبڕه‌وه‌، مه‌رجه‌ به‌ ئامرازه‌کانی توندوتیژی ئه‌نجام بدرێ؟ ئایا ئه‌وه‌ میکانیزمێکی ته‌ندروسته‌ که‌ بۆ نه‌هێشتنی دیارده‌ی تیرۆریستی له‌ناو کۆمه‌ڵگه‌دا دووباره‌ تیرۆر تاقه‌ ئامراز بێت؟ کاتێ دۆخی توندوتیژی چاره‌سه‌ر نه‌کرا و گه‌یشته‌ دۆخی تیرۆر، کۆمه‌ڵگه‌ چ جۆرێکی به‌رگری هه‌ڵبژێرێت؟ ئه‌مانه‌ پرسیاری ڕامان وروژێنن و، ڕه‌نگه‌ بۆچوونی زۆر جیاواز بهێننه‌ به‌رهه‌م، من لێره‌دا به‌ بۆچوونی خۆم و پشتبه‌ستوو به‌ ڕاستییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان "سۆسیال فاکت" هه‌وڵی وه‌ڵامدانه‌وه‌یان ده‌ده‌م.

ئێمیل دورکهایم، به‌رهه‌مهێنه‌ری ده‌سته‌واژه‌ و پرنسیپی "سۆسیال فاکت" ه‌ و، جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌کات که‌ بۆ خوێندنه‌وه‌ی دیارده‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه‌، پێویسته‌ ڕاستییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان وه‌کو "شت" بێلایه‌نانه‌ بخوێندرێنه‌وه‌. [1]
به‌ پێی ئه‌نتۆنی گیدینز، ڕوانگه‌ی یان فه‌نتازیای کۆمه‌ڵناسیانه‌، پێش هه‌موو شتێ ئه‌وتوانایه‌ی ده‌وێ که‌ خۆ به‌دوور بگری له‌ ڕۆتینه‌ زانراوه‌کانی ژیانی ڕۆژانه‌و، بینینیانه‌ له‌به‌ر ڕووناکییه‌کی نوێدا. [2]

بۆ خوێندنەوەی تووندوتیژی چ لەسەر ئاستی تاک، یان گروپ یان ئۆرگانیزاسیۆن و کۆمەڵگە بە گشتی، یەکەمین ئامرازی پێویست چاویلکەیەکی سۆسیۆ- سایکۆلۆژییە. بە زەرڕەبینی ئەم زانستانە دەکرێ پێکهاتە وردەکانی ڤایرۆسی توندوتیژی ببینین. دەستەواژەو تیۆرییە پەیوەندیدارەکان بەم دوو زانستە مرۆییە پێوستن بۆ مەبەستی خوێندنەوە، ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە و تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی ، کە لە ئارادان، یان لە ڕابردوودا لە ئارادابوون. بۆ خوێندنەوەی سترکتووری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان گروپە فوندەمەنتالیستەکان و تیرۆریستەکانی ئەو دەڤەرە، پێویستمان بە بەرهەمهێنانی هەندێ دەستەواژەی کۆمەڵناسی تایبەت بەو دەڤەرە هەیە، کە ڕەنگە لەم بابەتەدا خۆبەخۆ هەندێکیان بێنە بەرهەم.

## زەبروزەنگ چییە؟

لە پێناسەیەکی سادەدا بۆ زەبر و زەنگ، یان تووندوتیژی دەکرێ بڵێین ئەو ئاکار و گفتارانەن لە دەرەوەی سنووری ئەو نۆرمە ئاساییانەدا جێدەگرن کە پارسەنگی تەندروستی فیزیکی و دەروونی تاکەکەس ڕادەگرن. تووندوتیژی لە خۆڕا نایەتە بەرهەم، زەمینەیەک بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی لە سەر ئاستی تاک، گروپ، ئۆرگانیزاسیۆن و کۆمەڵگە لە ئارادا دەبێ. ئەو فاکتەرانەی لە دروستبوونیدا بەشدار دەبن دەکرێ بریتی بن لە ناسەقامگیری سیاسی، داتەپینی ئابووری، گەرەلاوژەی کۆمەڵایەتی، شێواوی دۆخی دەروونی ئەکتوێرە سەرەکییەکان کە ئەنجامدەری ئاکار و گفتاری تووندوتیژیین. لە ئاکامی ئەمانەشدا تاکاکەن پارسەنگی دەروونییان دەشێوێ و لەو کۆمەڵگەیەدا نائارامی و توندوتیژی دەبێتە نۆرم و جێگەی نۆرمی ئاسایی دەگرێتەوە.

کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵێک تاکەکەس، تاکەکان سەر بە گروپن، گرووپەکان خۆیان ئۆرگانیزە دەکەن و ڕێکخراو پێکدەهێنن و ستروکتوورێکی دیاریکراو دەدەن بەو ڕێکخراوە .لەناو ئەو سترکتوورەدا نۆرمی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێن و لە لایەن لایەنگرانیەوە پەیڕەوی دەکرێن.

بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی تاکگەریی "ئیندیڤیدوێل"، کە تاک سەنتەرە تیایدا و خۆی بڕیاردەری سەرەکییە، کۆمەڵگەی کۆگەریی "کۆلێکتڤ" زیاتر زەمینەی سازە بۆ گەشەسەندنی ئاکاری توندوتیژانە، چونکە تاک لەوێدا وەک بوون تواوەیە لەناو گرووپ و گرووپ تواوەی ناو ڕێکخراوە. دەروونی تاکی تواوە، ئامادەی قوربانیدان دەکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی گروپ و ڕێکخراوەکەیدا.

لەبارترین بزوێنەری ئەو فاکتەرانەی کە لە سەرەوە ناوبران و بەرهەمهێنەری جۆرە ناباوەکانی تووندوتیژیین، باوەڕ و ئایدیۆلۆژیان. ئەم دوو فاکتەرە هەڵگری ئەو خەسڵەتە دووجەمسەرییانەن کە دەکرێ چ بۆ مەبەستی هێمنی و ئاسایشی تاک و گروپ و کۆمەڵ بەکارببرێن، یاخود بۆ مەبەستی توندوتیژی و شێواندنی دۆخی ئاسایشی تاک و گروپ و کۆمەڵگە لە کاتێکدا کە کەڵکئاوەژوویان لێوەربگیرێت.

ئایین و ئایدیۆلۆژیا خەسڵەتی ماددەی بێهۆشکەریان هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر سەنتەری هۆشی تاک دادەنێن. ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی باوەڕی ئایین دەکەن بە بناغەنامەی خۆیان و ئایین دەسیاسەتێنن، لە پرۆگرامێکی سیاسی چوارچێوەداردا ئەندامەکان بە بیری ئەوپەڕگرانە پەروەردە دەکەن و دەروونی ئەندامەکانیان لە پرۆسەیەکی چڕوپڕدا بەو پەیڕەوانە گۆش دەکەن کە تاک لە "خود"ی ڕەسەنی خۆی خاڵی دەکاتەوە و "خود"ێکی ساختەی تیا جێگیر دەکات.

لەدەستدانی "خود"ی ڕەسەن، لەدەستدانی بەشی هەرە گرنگی کەسایەتییە و، نەبوونی "خود" بە واتەی نەبوونی "ناسنامە"یە و مرۆڤی بێناسنامەش ئەو کەسەیە کە نامۆیە بە خۆی و بە دەوروبەری خۆی.

مرۆڤی "بێخود" و له "خۆنامۆ" بۆ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌شه سه‌ره‌کییه‌ی که‌سایه‌تی خۆی، وێڵی ناسنامه‌یه‌ک ده‌بێت بۆ گروپه‌که‌ی و ئاماده‌ی ئه‌وه‌یه له پێناوی ناسنامه‌ی ئه‌و گروپه‌دا بوونی فیزیکی خۆی به‌خت بکات. چونکه شووناسی گروپ و ڕێکخراوه‌که‌ی بۆ ئه‌و ده‌بێته تاقه هیوا بۆ دۆزینه‌وه‌ی خوده له‌ده‌ستچووه‌که‌ی.

له ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاستدا نه‌ک ته‌نها گروپی توندڕه‌و یان ڕێکخراوی مافیا و تیرۆریست، به‌ڵکه ده‌وڵه‌تیش به‌شداره له نامۆکردنی تاک له خودی خۆی و، زه‌وتکردنی ناسنامه‌که‌ی، ئه‌ویش له پێناوی هێشتنه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی ره‌ها به ده‌ستی گروپێک و و چڕکردنه‌وه‌ی ناسنامه‌ی گروپی فه‌رمانڕه‌وا و تواندنه‌وه‌ی ناسنامه‌ی هه‌موو ئه‌وانی دی له ناو ناسنامه‌ی خۆیدا. وه‌ک ماکس ڤێبه‌ر گوزاره‌ی لێده‌کات، "زه‌بروزه‌نگ ، ئامرازی ئاسایی نییه به ده‌ستی ده‌وڵه‌ته‌وه، قسه له‌سه‌ر ئه‌وه نییه. به‌لام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا زه‌بروزه‌نگ ئامرازی تایبه‌تییه بۆ ده‌وڵه‌ت."[3]

زه‌مینه‌ی توند و تیژی له ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاستدا نه‌ک ئێستا و ئه‌م سه‌ده‌یه، به‌ڵکه مێژووییه‌کی دێرینی هه‌یه و، نه‌وه له دوای نه‌وه کاری له‌سه‌ر کراوه تا توند و تیژی کراوه به خه‌سڵه‌تی تاک و به نۆرمی کۆمه‌ڵگه. خه‌ته‌ری هه‌ره گه‌وره‌ش له‌وه‌دایه که توندوتیژی ببێت به نۆرم، به ئاسایی نه‌ک ته‌نها وه‌ک دیارده‌یه‌ک ده‌رببکه‌وێت و تایبه‌تمه‌ندێتی قۆناغێکی پێوه دیار بێت.

## یاسای "چاو به چاو، دان به دان" :

له ده‌ڤه‌ری ئێمه‌دا، ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست وتاری توندوتیژ و ئاکاری زه‌بروزه‌نگئامێز دیارده‌یه‌کی نوێ نییه، به‌ڵکه ڕه‌گ و ڕیشه‌یه‌کی توندی داکوتاوه و به ناو ڕۆح و جه‌سته‌ی هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌کانی ئه‌و ده‌ڤه‌ره‌دا شۆڕبۆته‌وه. عێراق وه‌کو ده‌وڵه‌تێک، له‌گه‌ڵ دروستبوونیدا زه‌مینه‌ی په‌ره‌سه‌ندنی پێکدادان و ناکۆکی له‌گه‌ڵدا دروست بوو. وه‌ک چۆن ئاوله‌مه‌یه‌ک له زگی دایکدا هاوه‌ڵێکی له‌گه‌ڵدایه و به "هاوڕێمنداڵ" ناسراوه و، له‌گه‌ڵ له‌دایکبوونی منداڵه‌که‌دا ئه‌ویشی له‌گه‌ڵدا دێ، "عێراق" و"زه‌مینه‌ی ململانێ"یش به‌و جۆره پێکه‌وه له‌دایکبوون. پێکهاته‌ی ده‌وڵه‌تی عێراق چ وه‌ک ئیتنیک، چ وه‌ک ئایین ، مه‌زهه‌ب ، چ وه‌ک پێکهاته‌ی جوگرافیایی و مێژوویی زه‌مینه‌یه‌کی وا ناسازیان لێ پێکهێنراوه که ڤایرۆسی زه‌بروزه‌نگ حه‌زی پێ بکا و تیا بژی، گه‌شه بکا، گه‌را دابنێ و به‌رده‌وام له زۆربوون و خۆبه‌ره‌مهێنانه‌وه‌دا بێت.

عێراق، به تایبه‌ت له سی و پێنج ساڵی ڕابرووددوودا، که حیزبی به‌عس "حیزبی تیرۆریستان" به‌ڕێوه‌یان ده‌برد، ده‌کرێ ناوی "ده‌وڵه‌تی تیرۆر" ی لێ بنرێت. له سوڕی ژیانی ڤایرۆسی توندوتیژییدا، سه‌رده‌می فه‌رمانڕه‌وایی به‌عس قۆناغی گه‌رادانانی به‌کتریای تیرۆر بوو، که له دواساڵه‌کانی ته‌مه‌نی به‌عسدا ئه‌و گه‌رایانه تره‌کان و سه‌دان تۆڕ و خانه‌یان له ناوخۆی عێراق و له ده‌ڤه‌ری ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست و له جیهان پێکهێنا. ئه‌مڕۆ به‌کتریاکانی تیرۆر له شێوه‌ی زیانبه‌خشینی گه‌وره کۆتایی به سوڕی ژیانی خۆیان ده‌هێنن و، وێرانی و نائارامی له دووی خۆیان وه‌ک میراتێکی ناحه‌ز به جێده‌هێڵن. هێرشی "خۆکوژی"، یه‌کێکه له‌و میتۆده ترسناکانه‌ی که له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا له کیشوه‌ره‌کانی جیهان و، له ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌راستدا، له لایه‌ن پیاوگه‌لی سه‌ر به ناسنامه‌ی ده‌ڤه‌ری ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست، به‌کاربراون.

وه‌نه‌بێ، پێش ئه‌مه‌ش ئه‌م ده‌ڤه‌ره ئارام بووبێ، به‌ڵکه توندوتیژی به شاڕه‌گی مێژووی ئه‌م ده‌ڤه‌ره‌دا شۆڕ بۆته‌وه و، به بڕوای من یاساکانی حه‌مورابی سه‌رچاوه‌یه‌کی دێرینی ئه‌و ڤایرۆسه‌یه. "العين بالعين،والسن بالسن" نموونه‌یه‌کی ساده و روونی ئه‌و میراته مێژووییه‌یه که مرۆڤی ئه‌و ده‌ڤه‌ره‌ی به ڕۆحی شه‌ڕانگێزی و تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه و تیرۆری جه‌سته‌یی و ده‌روونی راهێناوه. یاساکانی حامورابی، که یه‌که‌مین ده‌قی یاسای نووسراون له جیهاندا، وه‌کو

دەستپێشخەرییەکی شارستانی بۆ ئەو دەڤەرە لە مێژوودا تۆمار کراوە، خۆی سەرچاوەیەکی هەرە زەقە و ئامێزێکی دێرینە بۆ ڤایرۆسی توندوتیژیی.

ڕێکەوت نییە، لەم دەڤەرەدا سێ ئایینی ئاسمانی سەرهەڵدەدەن و، سڕینەوەی بیر و باوەڕ و بوونی یەکتری لەوێوە پەرەدەستێنێ و دەبێتە کلتوور. کلتووری یەکترسڕینەوە، کە ئەوپەڕی ڕادەی توندوتیژییە. لەناو دەقە پیرۆزەکاندا لە پاڵ ئەو دەقانەی کە هانی چاکە و خێر و میهرەبانی دەدەن، ئەو دەقانەش هەن و زۆرن کە ئەوپەڕی توندوتیژانە و ڕێک و ڕەوان دنەی خاوەنبڕواکان دەدەن بۆ سڕینەوەی ئەوی دی "ئەوی دی کە وەک ئەم بیر ناکاتەوە"[1]، دنەی دەدات بۆ دەستهەڵگرتن لەم دنیا "کەدنیایەکی مادییە"، لە پێناوی ئەو دنیادا"کە دنیایەکی مەعنەوییە". بەم جۆرە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا مرۆڤێکی خاوەنبڕوا ئامادەی بەڕەنگاربوونەوەیەکی هەمیشەیی دەکات لەگەڵ ئەویدی"ئەوانی دی" کە دەقاودەق وەک ئەم خاوەنبڕوا نین، کە بەو لۆژیکە ڕاهێنراوە مافی "سڕینەوە" و "بێبەریکردن لە ژیان"ی ئەوانەی هەیە و، تەنانەت ئەگەر نرخی سڕینەوەی ئەوان سڕینەوەی خۆیشی بێت، وەک ئەو نموونانەی کە "خودبۆمبا"کان ئەنجامی دەدەن. کە دۆخێکە دەگاتە لوتکەی توندوتیژی دژی "خودی ساختە" یان "خودی ناڕەسەن" و دژی "ئەوی دی- ئەوانی دی"، لە پێناوی دۆزینەوەی "خودی ڕاستەقینە یان ڕەسەن" کە باوەڕە ئایینییەکە لێی سەندۆتەوە. ئەگەر بە زەڕەبینی دەروونناسی بڕوانینە سایکۆلۆژیای کەسی "خۆتەقێنەرەوە"، دەگەینە هەندێک وردەکاری بایەخدار و بینینی هەندێک لەو فاکتەرانەی کە زەمینەی ئەوپەڕی توندوتیژی تەخت دەکەن. لە ڕامانی مندا ئەم فاکتەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە لە سەرەکیترینەکانن:

www.kurdistannet.org

یەکەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە ئەندامی ڕێکخراوێکە لە ناویدا هەڵبژاردەیەک لە ئەندامەکان بە پرۆسەیەکی وادا تێدەپەڕێندرێن کە هەموو پێکهاتەکانی کەسایەتییان هەڵدەوەشێندرێتەوە و سەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە. لە دروستکردنەوە ی دووەمدا ئیدی ئەو مرۆڤە دەستکردە و لە هەستە سروشتییەکانی خۆی دوور خراوەتەوە. واتە ئەو مرۆڤە "خۆی" نییە و، کەسێکی دییە.

دووەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە، مەرجە کەسێکی تۆقیوو، ترسنۆک، ڕاڕا و نائارام بێت، تا بە ئاسانی و بە گەرەنتییەوە لەو پرۆسەیەدا بەندیوار بکرێت بەو پرنسیپ و پەیڕەوانەوە کە بناغەنامەی باوەڕی ڕێکخراوەکەیە. کەسی تۆقیوو لە ساباتێک دەگەڕێت بۆ خۆحەشاردان لە ژێریدا، کەسی ترسنۆک لە پشت و پەنایەکی ئەستوور دەگەڕێت بۆ پاراستنی، کەسی ڕاڕا بە دوای پەیڕەوێکی ئامادە دەگەڕێ ئاراستەی بکات و لەو دوودڵیی و ڕاڕاییە وەڕسکەرەی ڕزگار بکات، کەسی نائارام لە ڕووی ڕۆحییەوە بەدوای کۆڵەکەیەکدا دەگەڕێت ئارامی ڕۆحی لە سەر ڕاگرێ و فەرامۆشی و سوکنایی بۆ بگەڕێنێتەوە و، ئەو ئارامییەش لە هێزی مرۆڤ بە دەرەوو هەر دەبێت خودا بێت کە فەرامۆشی بە دەروونی نائارامی ببەخشێت. ئەو کەسە دڕدۆنگ دەکرێت بەوەی هەموو ئەم پێویستییە دەروونییانەی لە ناو ڕێکخراوەکەدا و لە ڕێگەی هێزی غەیب و ئاسامانەوە بۆ دەستەبەر دەبێت و، تێردەکرێت.

سێیەم: کەسی خۆتەقێنەرەوە، مەرجە کەسێکی چەپاو بێ لە ڕووی سێکسەوە و، هیچ دەرفەت و دەروازەیەکیش بۆ قایلکردنی بەشێکی بچووکیش لە غەریزەی سێکسی ئەو مرۆڤە لە ئارادا نەبێت. لە ڕووی پەروەردەییشەوە بەو شێوەیە گۆش کرابێت، کە سێکس وەک گوناهی هەرە گەورە ببینێت. تا تەوژمی خەست و بەهێزی ئەو غەریزەیە و، دژەتەوژمی خەست و بەهێزی ئەو پەروەردە و پەیڕەوانەی فێرکراوە و پێی گۆش کراوە لە نێوان خۆیاندا لە

مەنگەنەی بدەن و، لە ئاکامدا ئەو مرۆڤە ڕقی لە جەستەی خۆی ببێتەوە و، ببێت بە دوژمنی سەرسەختی جەستەی خۆی. لەولاشەوە تاقە هیوایەک لە بەردەمیدا بهێڵدرێتەوە بۆ دابینکردنی ئەو غەریزەیە و تەوژمی ئەو پێویستییە جەستەییە، ئەو هیوایەش لەو دنیادا بێت و، لە پاداشتی بەخشینی جەستەیدا بێت. گەورەیی ئەو پاداشتە "چل حۆریی" لەو دنیادا، بۆ ئەمی بێئەندازە چەپاو لە رووی سێکسییەوە لەم دنیا، تا رادەی ئەوپەڕی خەمۆکی ڕەشبینی دەکات لەم دنیا و، گەشبینی دەکات بەو دنیا.

چوارەم: جگە لە غەریزەی سێکس، لە دەروونییدا دەستکاری جێگە و ڕێگەی غەریزەی مردن و غەریزەی ژیان دەکرێت. وەک ئاسایی مرۆ دژ بە غەریزەی مردن دەجەنگێت لە پێناوی ژیاندا. لە پرۆسەیەکی دەروونیدا دەکرێ جێگۆرکێ بەم دوو غەریزەیە بکرێت و، مرۆڤ هێندە ڕەشبین و خەمۆک بکرێت کە باوەش بۆ مردن بکاتەوە و، تەنها لە مردندا و لە دنیای پاش مردندا تروسکایی ببینێت. لەم پەیوەندییەدا کە ئێکئاوەژوو وەرگرتن لە وشەی شەهید و دەستەواژەی شەهادەت بۆ جێگۆرکێی حەزی مرۆڤ لە پەیوەندی بە غەریزەکانی مردن و ژیان، ڕۆڵی هەرەکارا دەبینێت.

## کۆمەڵگەی کورد، کۆمەڵگەی تۆقێنراو:

لە کوردستان بە گشتی و، لە باشووری کوردستان بە تایبەتی بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار بۆ سازاندنی ئەو زەمینەیە کراوە کە توندوتیژیی نەریتی و نانەریتی تێدا پیادە بێت و، بە جۆرێکیشە کە ڕاهاتنێکی گشتی و قبوڵکردنی وەک نۆرمێک لە لایەن کۆمەڵگەوە بسەپێندرێت. دیارە توندوتیژی بە هەموو شێوەکانییەوە نائاساییە. مەبەستم لە زەبروزەنگی نەریتی، ئەو جۆرانەیە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە ڕێژەیەک ڕوودەدات. هیچ کۆمەڵگەیەکی ئایدیال لە جیهاندا شک نابرێت کە هیچ جۆرە توندوتیژییەکی تێدا ڕوونەدات. مەبەستم لە زەبروزەنگی نانەریتی ئەو جۆرانەیە کە سەیر دەنوێنن و ڕێز دەپەڕێنن و، تایبەتیتیان هەیە. بۆ نموونە ئەتککردن لە شێوەی بڕینی گوێ و لووت و دەست و زمان و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ یان ئاژەڵ، ئەمانە دەچنە خانەی زەبروزەنگی لەڕادەبەدەر ترسناک و تایبەتی. ئەنجامدەرانی ئەم جۆرانەی توندوتیژی و ئەو کۆمەڵگانەی ئەم جۆرانەی تێدا پیادەدەکرێت، دەچنە خانەی کەسانی ناسروشتی و کۆمەڵگەی ناسروشتییەوە.

چ وەک تاک و چ وەک گرووپ و کۆمەڵگە، کورد لە باشووری کوردستاندا بە تایبەت، کەرەستەی خاوی تاقیگەی ماشینی زەبروزەنگی دەوڵەتی عێراق "دەوڵەتی تیرۆر" بووە. دەتوانین سەدان نموونە ریز بکەین و لێی بکۆڵینەوە، بەڵام کە دوو شانموونەی وەک کاتاسترۆفی هەڵەبجە و، کاتاسترۆفی ئەنفال لە ئارادا بن، ڕەنگە ئیدی پێویستمان بە بەڵگەی تر نەبێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دەوڵەتی تیرۆر، کوردستانی تەنها وەک کارگەیەکی چەکی کۆکوژیی چاو لێکردووە و، گەلی کوردیش تەنها وەک کەرەستەی خاوی تاقیگەی ئەم کارگەیە بووە بۆی.

کۆکوشتن، جینۆسایدە و بەمەبەستی بنبڕینی نەژادێک دەستی دەدرێتێ، بەڵام دەوڵەتی تیرۆر تەنها بۆ ئەو مەبەستە هێرشی کیمیایی هەڵەبجە و، پەلامارەکانی ئەنفالی ئەنجام نەدا، چونکە ئەو دەیزانی نەژادی کورد لەو بەشەدا بە کوشتنی دووسەد هەزار و سێسەد هەزار و ملیۆنیش نابڕێتەوە، مەبەستی سەرەکی ئەو کاریگەری قووڵیی دەروونیی ئەو کارەساتانەیە بۆ سەر کۆمەڵگە و هۆشی گشتی کۆمەڵگەی کورد. دەوڵەتی تیرۆر بۆ کورد کۆمەڵگەیەکی تۆقیووی دەویست، کە مرۆڤەکانی خاوەنی کەسایەتییەکی ناسەقامگیر و دەروونێکی نائارام بن.

www.kurdistannet.org

**ستوونی تیرۆر لەسەر بنچینەی تۆقین بەندە. تیرۆر بێ تۆقاندن مانای خۆی تەواو ناکات و مەبەستی خۆی ناپێکێ. بۆیە دەوڵەتی تیرۆریست، ڕێکخراو و گروپە تیرۆریستەکان ئەم کۆڵەکەیە لە سترکتووری دامەزراوەکەیاندا لە یاد ناکەن و بناغەنامەی بڕوای ئەوان دەبێتە ئەو پەیامە، پەیامی تۆقاندن. لەم جۆرە حیزب و ڕێکخراوانەدا پلەی باڵای ئەندامێتی کاتێ دەدرێ بە کەسێ کە بتوانێ ئەرکی تۆقێنەریی بە پلەی زۆرباش بەئەنجام بگەیەنێت.**

**وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، دیاردەی تووندوتیژی یان زەبروزەنگ لەو دیاردانەیە کە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەو مێژووە ناشایستەیەی کە کورد وەک کۆیلە و ژێردەستە هەیبووە، ئەو نائارامیی و شەڕانەی کە خاکی کوردستان ا شانۆی ڕووداوە ترسناکەکانی بوون، مرۆڤی کوردی بەو ئامرازە دەروونییانە و ئەو میکانیزی بەرگرییانە چەکدار کردووە کە مایەی تووندوتیژیی و زەبروزەنگن.**

**مرۆڤی کورد چ وەک تاک، چ لە ناو گروپدا و، چ لە ناو ڕێکخراو و کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمان ئەو تووندوتیژییەی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کە لەگەڵیدا پیادە کراوە، دژ بە خۆی بەرهەمی هێناوەتەوە. شەڕی ناوخۆیی، کە بە "براکوژیی"، "خۆکوژی"، "کوردکوژیی"ناوزەدکراوە، یەکێکە لەو نموونە ئازاراوییانە. لەو شەڕانەدا تووندوتیژی بە پلەیەکی بەرز دژ بە خۆ لە لایەن کورد خۆیەوە ئەنجام دراوە. ئەوەیان بەرەنجامێکی ئاسایی و بەرهەمهێنانەوەیەکی ئەو زەبروزەنگە نائاساییە بووە کە بە درێژایی مێژوویەک لە لایەن داگیرکەرانەوە ڕووبەڕووی کراوەتەوە. (کە ئەمەیان باسێکی تایبەتی دەوێ و لە فرسەتێکی تردا لێیان دەدوێم.). بە هەمان شێوەش ئەو توندوتیژییە لە دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان و لووتبڕین و گوێبڕینی ژناندا ڕەنگی داوەتەوە. (ئەمەشیان بابەتێکی تایبەتی داهاتووە).**

## میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە توندوتیژی:

**کلتووری ئەمڕۆی کورد، هی خۆی نییە و دەستکردی خۆی نییە. ئایین بەشێکی بەرفراوانی کلتوور پێک دەهێنێ. کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئایینی دێرینی کوردان "زەردەشتی" بریتی بووە لە: "بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک". بەرجەستەکردنی ئەم بەها گرنگانە لە مرۆڤدا، سەکۆیەک بۆ ئارامی دەروونی دروووست دەکات. خۆشەویستی بۆ تووخمی"ئاگر" و چێژبینین لە ڕووناکی و تیشک، بەهای ژیاندۆستی و سروشتدۆستی دەچەسپێنێت. کە خودی مرۆڤ خۆی یەکێکە لە پێکهاتە بەهادارەکانی ئەو سروشتە. مرۆڤی کورد لە ئایینی خۆی بێبەریی کراوە، بەمەش کلتووری دەستکردی خۆی لێ سەندراوەتەوە و، کلتوورێکی تێکەڵ و پێکەڵ لە ئایینەکانی تر، لە دابونەریتی گەلان و میللەتانی تر جێگەی ئەو کلتوورە ڕەسەن و خۆکردەیان گرتووە و، بەمەش مرۆڤی کورد لە خۆی ، لە کلتووری خۆی و لە بەهاخۆکردەکان نامۆ و بێبەریی کراوە.**

**یەکێک لەو میکانیزمانەی کە ڕەنگە بایەخدار و سوودمەند بن بۆ بەرگریکردن لە تووندوتیژی، بژارکردنی کلتوورییە. مەبەستم لەم دەستەواژەیەش ئەوەیە کە لە ڕوانگەیەکی کلتوورناسی"ئەنترۆپۆلۆژیی"یەوە و لە لایەن پسپۆرانی ئەم بوارەوە پێکهاتە نامۆکانی ناوکلتووری کوردی دەستنیشان بکرێن و دەربهاوێژرێن. هەوڵی گەڕانەوە بۆ سروشتی دێرین و پێکهاتەکانی کلتووری دێرینی کورد و بەهای ڕووناکیدۆستی و ژیاندۆستی و سنگفراوانی. دیارە مەبەستم لەوە نییە کە ئایینێکی دێرینی کورد زیندوو بکەینەوە بۆ پەیڕەویکردن، چونکە ئایین بۆ ئەو سەردەمانە جێی بایەخ بوو کە هێشتا یاسای شارستانیی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆ نەهاتبوونە ئاراوە. لە ئەمڕۆدا یاسا و سیستەمێکی دادپەروەرانەی مرۆییانە دەتوانێ جێگەی ئایین پڕ بکاتەوە.**

www.kurdistannet.org

…

2004/03/1

**(تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە فراوانتر و قوڵترە و ماویەتی. بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەدا کورت کراوەتەوە.)**

---

[1] Giddens Antony (1998): Sociologi. Lund: Studentlitteratur. P.24.

[2] Ibid. P.19.

[3] Weber, Max (1977): Vetenskap och politik. Över: Nino & Sten Andersson. Bokförlaget Korppen:1977. Göteborg. P.41.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET